# کتێبەکانی ڕێبوار سیوەیلی !



ڕێبواری نووسەر و روناکبیر ماوەیەکە کەوتۆتە بەر هێرشی جیاوازەوە ، لە لایەك شارەوانی بەیاننامەی لە سەر دەردکات ، لەلایەکی تر هەندێ نووسەری هەناسە سواری شارچێتی ، وەکو سەربازە ئەفسانیەکانی تەختی ڕۆم ، بە توندو تیژیەکی گەورەی مەعنەویەوە ، بە ڕم و شمشێری ووشەی شەڕەنگێز بەرەنگاری ڕێبوار بوونەتەوە ، ڕەخنەکانی ڕێبوار لە دیاردە کۆمەلایەتیەکان هەرچیەك بووبێ ، تەنیا دەربڕینێکی سادە بووە لە هەلوێست و لە ڕاستگۆیی ئەرکی هەر رووناکبیرێکی تر ، ئێمە تەواو پێچەوانەی ئەو بۆچونە تەسك بینەین کە پێ ی وایە رەخنەکانی رێبوار هێرشە ، بەلام لە خراپترین حالەتەکانی سازش کردن لە گەلّ ئەم تەوژمە لە کۆنەپەرستی بۆ بێدەنگی کردنی رێبوار ، ئەگەر بۆ لە حزەیەك بلێین ئەمەی ئەو کردی هێرش بوو ، هەرگیز ناگاتە لە سەدا یەکی ئەو هێرشانەی کە هەموو هەینیەك لە بلندگۆی مزگەوتەکانی ئەم شارە دکرێتە سەر خەلکی ئەو شارە ، کام مەلا هەیە خەلکی سفور ، کوڕو کچ و لاوانی مۆدەی هەر ئەم شارە هەموو هەینیەك بە بێ ئەخلاق لە قەلەم نەدا ! شارەوانی بۆ فزەی لە دەمی نایەتە دەرەوە ؟ ئەو نووسەرە زۆر دلسۆزو پالەوانەکانی شارچێتی و (هەولێر) ی بوون لە بەرامبەر هیرشی هەفتانەی زیاد لە 300 مزگەوتی ئەو شارە بۆ فزە لە دەمیان نایەتە دەرەوە ؟ یان ئەوانیش بەرژەوەندیان لە بانێك و دوو هەوابووندایە !

مێژوویەکی گەورە هەیە لە پیادە کردنی ئەوپەڕی توندو تیژی لە بەرامبەر فیکر ، کتێب ، رۆشنبیر ، کە تەنیا هەولێر ناگرێتەوە ، بەلام ئەوەی لە کێشەی ڕێبوار بینیمان لاسایی کردنەوەی حەرف بە حەرفی ئەزمونەکانی ئەو توندو تیژیە بوو ، فاشیستەکانی ئەلمانیا لە کۆلان و لە گەڕەکەکان ڤیستیڤالّی سوتاندنی کتێبیان ساز دەکرد ، فاشیستەکانی ئیتالیا و (فرانکۆ )ی ئیسپانیاش بە کوشتنی روناکبیر سەرەتای دەسەلاتی خۆیان تاقی کردەوە ، نەجیب مەحفوز پێش ئەوەی کابرا خەنجەر بە ملی دابێنێ دەمێك بوو خوێنی حەلال کرابوو ، عەزیز نەسین یش لە تورکیا کاتێ ئاگریان لەو هۆتێلە بەردا کە خۆی میوانەکانی لێ ی نیشتەجێبوون ، بە بێ شەرم لە بەردەم کامیرادا تاونبارەکانی ئەم تاوانە پێدەکەنین و دەیانووت لێیان گەڕێن با ئاگری جەهەنەم ببینن !! لە نیوەی هەشتاکانیشدا کاتێ موخابەراتی عێراقی کتێبەکەی (عەبدوالخالیق مەعروف ) ی لە کتێبخانەکان کۆ دەکردەوە ، شان بە شانی ئەو هەلمەتی یاساغ کردن و کۆکرنەوەیەش ، وەکو برا بەش و شەریکی موخابەرات ، 4 هەفتە بەبێ وەستان مەلای مزگەوتەکانی هەولێر هەتا ڕۆژی کوشتن ، لە خوتبەکانیان کفن و پلانی کوشتنی عەبدوالخالقیان دەهۆنیەوە !

سوتاندنی کتێبەکانی ڕێبوار نامەیەکە بۆ هەموو کەسێك کە بیەوێ دژ بە دیاردە دواکەوتوو تاریکەکانی ئەو کۆمەلگەیە بخوێنی ، زمانی سادەو دێرینی هەڕەشەیە بۆ بێ دەنگی کردن ، بۆ هێشتنەوەی دیوارە کرماویەکانی بەردەم گەشەو گۆڕانی کۆمەلگەییە ، نیشان دانی ئاقیبەتێکە کە چاوەڕوانمان دەکا ، ئەگەر دەستی ڕەخنە بۆ حەرام و لایەنە تاریکەکانی ژیان ببەین ، کتێبخانەکەی ڕێبوار کتێبخانەی هەمووان بوو ، گریانەکەی رێبوار حەسرەتی ئێمەش بوو ، ئەم کتێبخانەیە دەکرێ سەر لەنوێ پڕاو پڕ بکرێتەوە لە کتێب ، نەك بۆ ئەوەی رەفەکانی خالّی نەبن ، بەلکو بۆ ئەوەی بە یەکەوە نامەی پشتی

**ئاگر و سوتاندن پوچەڵ بکەینەوە ، ئێمە وەکو سایتی دەنگەکان وەکو هاوسۆزیەکی سادەی خۆمان بۆ ڕێبوار ، 50 کتێب دەکەینە دیاری بۆ کتێبخانەکەی ، پەیامی کتێب ئەگەر ئەمڕۆش دەنگی خەفە کرابێ ، سبەینێ چار نیەو گرەوی ژیان دەباتەوە !**

**دەستەی بەڕێوەبەری دەنگەکان**